هالا تەماسدەتیر لە هەڵبژاردنەکانی سەرکایەتی وڵاتی ئایسلەندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا

هالا تەماسدەتیر لە هەڵبژاردنەکانی سەرکایەتی ئایسلەندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و بوو بە دووەم ژن کە پۆستی سەرۆکی ئەم وڵاتە وەربگرێت.

ئەنجامە کۆتاییەکان ئەوەیان دەرخست کە هالا تەماسدەتیر لە 34.3%ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، پێش سەرۆک وەزیرانی پێشوو کاترین یاکوبسدەتیر کە 25.5%ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

تەماسدەتیر دەبێتە جێگرەوەی سەرۆک گەدنی یوهانسن کە لە ساڵی 2016ەوە ئەو پۆستەی وەرگرت، بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵدا ڕایگەیاند کە هەوەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی خۆی نادات.

سەرۆکی ئایسلەندا بە مافی دەنگدانی ڕاستەوخۆ هەدەبژێردرێت، هەڵبژاردن لە یەک خولدا ئەنجام دەدرێت و ئەو کاندیدەی زۆرترین دەنگ بەدەستدەهێت بە براوەی هەڵبژاردنەکان دادەنرێت.